٣٨٤

ژان پۆل سارتەر



بودلێر

وەرگێڕانی : زاهیر محمد رشید

4 3 3 7 7

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێناسی کتێب

ناوی کتێب : بودلێر

نوسینی : ژانپۆڵ سارتە

وەرگێڕانی : زاهیر محمەد رەشید

نۆبەتی چاپ :چاپی یەکەم ٢٠٠٦

بلاوکراوەی : خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا – زنجیرە (٧٤)

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

تایپ : سورکێو

ژمارەی پسپاردن (٥٤٤) ساڵی (٢٠٠٦)

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

لەم کتێبە بچووك و جیاوازە ئەو دەرفەتە رەخساوە لەگەڵ دوو پیاوی گەورە دا ئاشنا بین : یەکیان شارڵ بودلێر ، شاعیری کاریگەری سەدەی ١٩ و ئەویتر ژان پۆڵ سارتێر ، نوسەر ، فەیلەسوف و شانۆنامە نوسی ڕۆشنبیری سەدەی بیستەم.

ئەم ڕوانین و شیکردنەوەو لێکدانەوانە نە دەرون ناسانەیە و نەجوان ناسانە، ڕوانینی سارتێر بە نامەکان ، شیعرەکان ، گلەییەکان و زێدەڕۆییەکانی بودلێرە ، چونکە ئەو نەیدەتوانی بودلێر لە نزیکەوە بناسێت، سارتێر باوەری وایە کە :

((بەس بو بودلێرمان بە زیندویی بدییایە ، تەنانەت یەك سات ، بۆ ئەوەی تێ بینیە بەربلاوەکانی ئێمە لە ناسینێکی گشتگیردا ڕێکبخرێت! وەرگرتنی بێ هۆ لە ڕاستیدا هاورێ یە لەگەڵ تێگەشتنێکی نامۆ و نەگەر بمانەوێت وەك هایدگرمان وتبێت (لە پێشتر لە ناسینە) کە بەزۆری سالیان دەخایەنێت تا روون بێتەوە کە لە خۆگری

ژانپۆڵ سارتەر ٥

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

تایبەتمەندیە سەردکیەکانی شتێکە و لە هەمان کاتا جیاوازی هاوزەمان))

بەڵام من لەسەر ئەو باودرم لە ناسینی رووەرویش تێگەشتن و ناسینی کەسێك ئەگەری نیە ، چونکە مرۆڤ شت نیە و لە هەرساتێك لە زەمان و لە هەر شوێنێکدا بونەوەرێکی جیاوازە . کەواتە ناسین بەردەوام سنوردار و کەم و کورتە بەهەمان شێوە کە مرۆڤ خۆشی ناتوانێت خۆی بەتەواویەتییکی گشتگیر بناسێت چونکە بەشێکی دیاری بوونی ئەو بۆ کەسانیتر ، بەردەوام لە خۆی شاراوە دەمێنێتەوە بە تایبەت خۆ بەخۆترین حاڵەتەکان و ناناگاترین پەچەکردارەکانی .

روانینی ژان پۆل سارتێر بۆ بودلێر روانینێکە هەستی ناسانە . لەروانینی سارتێر بوون ((هەستی)) شیاوی بونەوەرێکە کەلەبوونی خۆی ئاگادارببێت و ئەم روداود یەکجار بۆ هەمیشە رونادات کەواتە هەرکاتێك کەس لە ((بووندا)) نوقم دەبێت لە بوونی خۆی بە ناگانیە و لە ((هەستی)) بوونی نیە و بوونی لەگەڵ بوونی گیا ، بەرد و یان ئاژەلێك هاوتایە، مانای وشەکانی etre وexistence لەزمانی فەردنسا بەدڵنیاییەوە لەگەڵ وشەکانی فارسی ((بوون))، ((هەستی))،((بوون)) جیاوازە . تێگەشتنی زەینی لە هەر زەمانێك بەپێی مانای وشەکانی ئەو زمانە دەبێت و هەرکەس بەپێی بەربلاوی و یان سنوردار بوونی تێگەشتنی ئەو لە وشەکانە کە لەم تێگەشتنە زەینیەدا دەبێتە لێکۆڵەر و مانا پەیا دەکات. چونکە تێگەشتن یان وەرگرتن کە بێ هۆی زەردر روبدات گواستنەوەی بەهۆی زمانەوە ئەگەری نابێت.

٦ بودلێر

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ئاگاداری من بۆ خوێنەرانی لاو ئەودیە هەرچەندە پێویستە بە سەرنجێکی گشتگیر و پرسیارە یەک لەدوایەکە فەلسەفی و هەستی ناسیە ناسکەکان لە سارتێر بگەن بەلأم هیچ کات لە بەکارهێنانی زەینی رەخنەگر و فەلسەفی خۆیان دەست هەلّنەگرن وبیریان نەچێت لەگەلّ شیکردنەوە لێکدانەوەیەکی هەستی ناسانە روبەرون. نوسراوێک کە لەوانەیە ئێمە لە سارتێر نزیک بکاتەوە بەو رادەیە رەنگە زیاتریش لە بودلێرمان نزیک بکاتەوە. ئێمە دەتوانین لە رێگای ئەم نوسراودوە جیهان بینی و جیهانی دەرونی ئەم نوسەرە و کێشەکانی سەردەمی ئەو بناسین — نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم — کە تیایدا فەلسەفەی لائیک تێکەلّ بە بەلّێنێکی رۆشنبیرانەی سیاسی بو و بەزۆری زۆربەی هونەرمەندان بە تایبەت پێنوس بەدەستەکانی خستە ژێرکاریگەری خۆیەوە بەشێودیەک نوسەرێک لەدەرەوەی ئەم بازنەیە وەک خۆرخە لوئیس بورخیس ، لەلایەن زۆربەی رۆشنبیران هونەرمەندان نەفی و دوور دەکرێتەوە و زۆر درەنگ شوێنی راستەقینەی هونەری خۆی بەدەست دێنێتەوە. کەواتە بیرمان بێت وتەی فەیلەسوف ئایەی دابەزێنراونیە بەلکو بە پێچەوانەوە دەتوانین بەگەنجانی سەردەمی ئەخیر کە دووبارە رویان کردۆتە فەلسەفە ، فەلسەفین ، تیژبینی ، ئەندێشەی شیکردنەوە و لێکدانەوە فێربکات و ئەوان لە مەترسی مەکتەب پەرستی و دەمارگیری دووربکاتەوە.

لە ئێستا کتێبێک لە شیعرەکانی بودلێر لە بەردەستانیە بەلأم هیوادارم بە زووترین کات کۆمەلّێک لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەی گەورەی فەرەنسی وەرگێرمە سەر زمانی فارسی .

ژانپۆل سارتەر ۷

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێویست بە بیر هێنانەوەیە کە نەم کتێبە لەلایەن بەشی فەرهەنگی بالۆێزخانەی فەرەنسا خرایە بەردەست من و کاری وەرگێڕان لە شاری ((نارل))ی فەرەنسا لە کۆلیژی نێونەتەوەیی وەرگێڕان وێژەییەکان کۆتایی پێهات.

لێرەدا سپاسی بەرێز میشیل اودایە دەکەم و هیوادارم هاوکاریە بە بەرهەمەکان لە نێوان نێران و فەرەنسا درێژە بکێشێت.

دل نارا قەهرەمان.

٨ بودلێر

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

دیاری کردنی نەودی کە چاردنوسی شارل بودلێر (چاردنوسی هەڵبژێردراو – بەڵێن دراو یان ڵانی کەم قبوڵ کراو لەلایەنی نەو نەچاردنوسێك کە بەبێ پەچەکردار پێی رازی بوبێت) چی بووە و نایا شیعردکانی لە خۆگری چ پەیامێکە و نەگەر هەیە مرۆڤانەترین ناودرۆکی نەم پەیامە کامەیە. خۆ تێ هەڵقورتاندنی فەیلەسوفێك لێرددا بەتەواوی جیاوازە لە خۆتێ هەڵقورتاندنی ردخنەگر یان دەرون ناس (پزیشك بێت یان) و یان کۆمەڵناسە . چونکە بۆ نەو هەڵسەنگاندنی شیعری بودلێر بەکێشانە (بۆ دەربرینی داودریەکی نەرزشی یان کلیلێك بۆ تێگەیشتن لەو) لە نارادانیە و یان شیکردنەودو لێکداونەودی شاعیری گوڵەکانی ردنج و یان گوڵەکانی شەر بەهەمان شێوەی کە دەتوانرێت ودك دیاردەیەکی دنیای مادی شیکردنەودو لێکدانەودی بۆ بکرێت ، نیە . بەپێچەوانەود هەوڵەکانی بۆ نەودیە کە لە ناودود لەگەڵ نەزموونی بودلێردا بڕی و نە نەودی لە دەردود تەنیا بەم نمونەیە تارادەیەك نەفسانەیە (شاعیری نفرین کراو) سەرقاڵ بێت و بۆ نەم کارە دەرددڵ و نهێنیەکانی خۆی بکاتە پێوانەو بنەما ، لەپاڵ بەرهەمەکان و نەو نوسراوانەی لەگەڵ نزیکەکانی خۆیدا ناڵ و گۆڕی کردود ، نەمە نەرکێکە نوسەری نەم کتێبە ودك فەیلەسوفێك خستویەتیە سەر شانی خۆی .

میشێل لێوی.

ژانپۆڵ سارتەر ٩

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library